# زانیاری گشتی

هاووڵاتیانی بیانی ڕێگەیان پێدەدرێت بچنە ناو سنووری رووسیا تەنها بە پاسپۆرتی نیشتمانی کارا وە ڤیزەی کارای رووسیای لێدرابێت. بەبێ ڤیزە (لێبوردن لە ڤیزە) لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامەی دوولایەنە یان فرەلایەنە دەبێت.

بەر لەوەی داوای ڤیزەی رووسیا بکەی، داواکاران دەبێت بڕیار لەسەر جۆری ڤیزە بدەن کە بەتەمان بە کام شێوە فۆرمی داواکاری ڤیزە پێشکەش بکەن.

تکایە دڵنیابە کە تۆ شارەزای زانیاری ئەو جۆرە ڤیزەیەی کە داوای دەکەی.

ئەو جۆرە جیاوازانەی کە دابین کراون بریتین لە:

- ڤیزەی بازرگانی
- ڤیزەی خوێندن
- ڤیزەی مرۆیی
- ڤیزەی تایبەت
- ڤیزەی گەشتیاری
- ڤیزەی ترانزێت
- ڤیزەی کار

پێویستە ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە پێشکەش بکرێن بۆ ئەوەی ڤیزە وەربگری بەپێی جۆرەکەی:

1. فۆرمی داواکاری ڤیزە پرکرابێت و تەنها لەلایەن داواکار واژۆ کرابێت (زیاتر زانیاری لەخوارەوە).

2. پاسپۆرتی نیشتمانی کارا (تەنها وێنەی ڕەسەن "اصلی" وە بەلانی کەم دەبێت دوو لاپەڕەی سپی بۆ ڤیزە لەسەر مابێت). دەبێت کارابوونی کەمتر نەبێت لە شەش مانگ دوای بەرواری بەسەرچوونی ڤیزە.

3. یەك وێنەی داواکار (قەبارە 3,5 × 4,5 سم). (وێنەکە بە کەتیرە "صمغ" لە فۆرمی داواکاری بدە لەشوێنی دیاریکراو. دەمبوز یان قرتە بەکارمەهێنە بۆ لێدانی وێنە)

4. ئەو بەڵگەنامانەی کە بەپێی جۆری ڤیزە داواکراون.

5. پارەی کرێی ڤیزە

کرێی ڤیزەی **یەك جار چوونەناوەوە** بۆ هاووڵاتیانی عێراقی بەم شێوەیەن:

- پێدان لە ماوەی 4-20 ڕۆژی کارکردن: **70 دۆلاری ئەمریکی**
- پێدان لە ماوەی 1-3 ڕۆژی کارکردن: **140 دۆلاری ئەمریکی**

کرێی ڤیزەی **دووجار چوونەناوەوە** بۆ هاووڵاتیانی عێراقی بەم شێوەیەن:

- پێدان لە ماوەی 4-20 ڕۆژی کارکردن: **112 دۆلاری ئەمریکی**
- پێدان لە ماوەی 1-3 ڕۆژی کارکردن: **224 دۆلاری ئەمریکی**

کرێی ڤیزەی **زۆرجار چوونەناوەوە** بۆ هاووڵاتیانی عێراقی بەم شێوەیەن:

- پێدان لە ماوەی 4-20 ڕۆژی کارکردن: **210 دۆلاری ئەمریکی**
- پێدان لە ماوەی 1-3 ڕۆژی کارکردن: **420 دۆلاری ئەمریکی**

**<u>فۆرمی داواکاری ڤیزە</u>**

- فۆرمەکانی داواکاری ڤیزە دەبێت بەشێوەی سەرهێڵ (ئونلاین) و تەنها لە وێبسایتی تایبەتی فەرمانگەی کونسوڵگەری وەزارەتی کاروباری دەرەوەی رووسیای فیدراڵ: http://visa.kdmid.ru پڕبکرێتەوە.

- پێویستە داواکاران هەموو ڕێنماییەکان بە دیققەتەوە بخوێننەوە و دواتر فۆرمی داواکاری ڤیزە پڕبکەنەوە. دوای تەواوبوونی پڕکردنەوەی فۆرمی داواکاری تکایە چاپی بکە، و واژۆی بکە و ڕادەستی کونسوڵگەری گشتی بکە لەگەڵ هەموو بەڵگەنامەکانی داواکراو و پارەی کرێ و پاسپۆرت.

- تکایە دڵنیابە لەو واژۆەی کە لەسەر فۆرمی داواکاری ڤیزەت کردووە بە هەمان شێوەی واژۆی سەر پاسپۆرتەکەت بێت. فۆرمی داواکاری دەبێت بە زمانی ئینگلیزی یان بە رووسی پڕبکرێتەوە.

- **فۆرمی داواکاری ڤیزەی ناتەواو کاری پێناکرێت. فۆرمی داواکاری ڤیزەی وەرگیراو لە سەرچاوەکانی تری ئینتەرنێت یان پڕکردنەوەی بە نووسینی دەستی وەرناگیرێت.**

<u>ناتەواوی لە پێشکەشکردنی هەموو بەڵگەنامەکانی داواکراو دەکرێت ببێتە هۆی ڕەتکردنەوەی پێدانی ڤیزە، یان بەڵگەنامەکان بە ناتەواوی بۆ داواکار دەگەڕێندرێتەوە.</u>

پرۆسەی ڤیزە دەستپێدەکات تەنها دوای پێشکەشکردنی هەموو بەڵگەنامەکانی داواکراو و گونجاو لەلایەن داواکارەوە و وەربگیرێت لەلایەن کارمەندی کونسوڵگەریەوە. دەکرێت کارمەندی کونسوڵگەری داوای بەڵگەنامەی زیاترت لێ بکات.

**نابێت ڤیزە بگۆڕدرێتەوە یان ماوەی درێژبکرێتەوە.** ئەگەر لەدوای دەرکردنی ڤیزە پلانی گەشتەکەت گۆڕانکاری بەسەرداهات، دەبێت داواکاری پێشکەش بکەیتەوە بۆ ڤیزەیەکی نوێ. و هەروەها داواکار دەبێت پارەی کرێی ڤیزەی نوێ بدات.

**ئامۆژگاری داواکاران دەکرێت لە چێککردنی بەروارەکان و بە دیققەتەوە تەماشا بکەنەوە کە ئایا پیتی ناوەکانیان بە دروستی نووسراون لەسەر ئەو ڤیزەیەی کە بۆی دەرکراوە ڕاستەوخۆ دوای وەرگرتنی پاسپۆرتەکانیان.**

هەڵگرانی پاسپۆرتی یەکێتی ئەوروپا دەبێت بەڵگەنامەی دڵنیایی گەشتکردن پێشکەش بکەن کە لە رووسیای فیدراڵ کارا بێت بۆ تەواوی ماوەی گەشتەکە.

- ژمارەی بەڵگەنامە
- ناوی تەواوی کەسی دڵنیاکراو
- بەڵگەنامەکە دەبێت لە سرانسەری رووسیا کارا بێت بۆ تەواوی ماوەی مانەوە لە وڵاتەکە.
- لیستێکی پزیشکی و خزمەتگوزاری پزیشکی-گواستنەوە دابین کرابێت، گەڕانەوە بۆ نیشتمانی لەگەڵ بێت.
- کەمترین بڕی لەخۆگرتن دەبێت 30,000 یۆرۆ بێت.

**<u>گەیشتن بۆ رووسیا</u>**

بۆ چوونەناوەوەی رووسیای فیدراڵ هاووڵاتیەکی بیانی دەبێت بەڵگەنامەی ناسنامەی کارا پێشکەش بکات، ناسێنراو بێت لەلایەن رووسیای فیدراڵەوە، ڤیزە و کارتی کۆچکردن (سەیری خوارەوە بکە). ناکرێت ڤیزە لە فرۆکەخانە وەربگریت کاتێک

دەچیتە ناو رووسیا و لە رووسیا ماوەی ڤیزەکەت درێژبکەیەوە. ڤیزە رێگە بە هەڵگرانی دەدات گەشت بکەن بۆ رووسیای فیدراڵ بەڵام دەستەبەری چوونەناوەوەت ناکات. ئەفسەری کۆچکردن بڕیار دەدات لەسەر مافی هەڵگرانی ڤیزە بۆ چوونە ناو رووسیای فیدراڵ. هەروەها تۆ دەبێت لە خاڵی چوونەناوەوە ئامادە بیت وێنەیەك لە بانگهێشتنامە یان بەڵگەنامەکانی پێویست بۆ ڤیزە لەگەڵ پاسپۆرت و ڤیزە پێشکەش بکەیت.

**پێتان ڕادەگەیەنین کە پێدانی ڤیزەی رووسیا ڕەزامەندیەکی پێشوەختەیە بۆ ئەوەی ڕێگەبدرێت سەردانی رووسیا بکەیت.**

**بڕیاری ڕێگەپێدانی بیانیەك یان کەسێکی بێڕەگەزنامە بۆ ئەوەی بچنە ناو رووسیا لە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی کۆنترۆڵی پاسپۆرتی رووسیا لە فرۆکەخانەکان دەبێت.**

قەدەغەکردنی چوونەناو وڵات بۆ بیانیەك یان کەسێکی بێڕەگەزنامە دەکرێت بەم هۆکارانەی خوارەوە بێت: پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی ساختە، زانیاری ناڕاست لەکاتی پڕکردنەوەی فۆرمی داواکاری لە کونسوڵگەری، زانیاری هەڵە و نادروست دەربارەی مەبەستی ڕاستەقینەی سەردانکردنی رووسیا، کردارەکانی تری ناگونجاو لەگەڵ یاسای وڵاتی ڕووسیا.

<u>ڤیزە لەسەر پاسپۆرتێکی ناکارا</u>

ئەگەر پاسپۆرتێکی نوێت وەرگرت تۆ پێویستە ڤیزەی کارای رووسیا بگوازیەوە لە پاسپۆتی ناکاراوە بۆ پاسپۆرتی نوێ یان داواکاری پێشکەش بکە بۆ وەرگرتنی ڤیزەیەکی نوێ. ڤیزەی پاسپۆرتی ونبوو و تێکچوو هەروەها پێویستە بگوازرێتەوە بۆ پاسپۆرتی نوێ بەر لەوەی گەشت بکەیت.

<u>چوونەناوەوەی هاووڵاتی بیانی بۆ رووسیای فیدراڵ ڕەتدەکرێتەوە کاتێك ڤیزەیەکی کارا لە پاسپۆرتێکی نیشتمانی ناکارا (هەڵوەشێنراو، ماوەبەسەرچوو، هتد.) درابێت.</u>

**کارتی کۆچکردن**

بەپێی مەرسومی حکومەتی رووسیا ژمارە (413 لە 2004/08/16 تایبەت بە "کارتی کۆچکردن") هاووڵاتی بیانی پێویستە کارتی کۆچکردن پڕبکاتەوە لەکاتی گەیشتنیان بۆ رووسیای فیدراڵ و پێشکەشی ئەفسەری کۆنترۆڵی سنوور بکات بۆ

مەبەستی لێدانی مۆر و دڵنیاکردنەوە کە زانیاری سەر کارت هاوشێوەیە لەگەڵ زانیاری خاوەنی پاسپۆرت.

فۆرمەکانی کارتی کۆچکردن بەبێ بەرامبەر دابەش دەکرێن بۆ هاووڵاتیانی بیانی لەکاتی گەیشتنیان بۆ رووسیا لە لایەن کارمەندانی کۆچکردن یان نوێنەرانی کۆمپانیاکانی گواستنەوە.

کەسی بیانی پێویستە لە تەواوی کاتی مانەوەی لە رووسیا کارتی کۆچکردنی لەلابێت و لە شوێنی نیشتەجێبوونی لەگەڵ بەڵگەنامەکانی تر بۆ تۆماری کۆچکردن پێشکەشی بکات. لە ئەگەری ونبوون یان تێکچوونی کارتی کۆچکردن هاووڵاتی بیانی پێویستە نووسینگەی خۆجێی وەزارەتی کاروباری ناوخۆی رووسیای فیدراڵ لەماوەی سێ ڕۆژدا ئاگادار بکاتەوە. ئەوا کارتێکی تری بێ بەرامبەر بۆی دەردەکرێت دوای پێشکەش کردنی بەڵگەنامەکانی گەشتی چوونەناوەوەی بۆ رووسیا.

کاتێك هاووڵاتی بیانی رووسیای جێهێشت، دەبێت کارتەکە ڕادەستی ئەفسەری کۆچکردن بکات لە خاڵی پشکنینی سنووری رووسیا.

## تۆمارکردنی نیشتەجێبوون

ئەو سەردانکارەی زیاتر لە هەوت ڕۆژی کارکردن لە رووسیا دەمێنێتەوە پێویستە تۆماری نیشتەجێبوونی هەبێت. ئەگەر لە هوتێل دەمێنیتەوە، تۆمارکردن لەلایەن کارگێڕی هوتێلەوە دەکرێت. ئەگەر تۆ لە شوقەیەك یان خانوویەکی تایبەت دەمێنیتەوە پێویستە لەلایەن خاوەنەکەوە بکرێت لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆچکردن یان فەرمانگەی پۆستە.

## پەڕینەوە لە سنووری رووسیا – بیلارۆس

سنووری وشکانی رووسیا و بیلارۆس خاڵی پشکنینی نێودەوڵەتی لێ نییە. بۆ هاووڵاتیانی وڵاتی سێیەم قەدەغەیە لە سنوور بپەڕێنەوە بە ئۆتۆمبیڵ یان پاس یان شەمەندەفەر. ڕێگە بە هاووڵاتیانی بیانی دەدرێت گەشت بکەن لەنێوان رووسیا و بیلارۆس بە گەشتی ئاسمانی. ئەو سەرنشینانەی گەشت بۆ بیلارۆس دەکەن لەڕێگەی فرۆکەخانەکانی رووسیاوە پێویستە ڤیزەی ترانزێتی رووسیایان هەبێت.

## باج و پابەندبوونی

خۆدزینەوە لە باج لەلایەن هاوولاتیانی بیانی لەمیانەی مانەوەیان لە رووسیای فیدراڵ لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی چوونەناوەوە بۆ ڕووسیا هەروەها ئەم یاسایە حاڵەتەکانی نەدانی رەسمی گومرك و باجەکان بەر لە بەرواری دیاریکراو و شکاندنی یاساکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبیڵ بۆ مەبەستی بەکارهێنانی شەخسی . The online service گومرکی فیدراڵی رووسیا زانیاری زیاتر دابین دەکات لەبارەی باج و پابەندبوونی و بڕیارەکانی قەدەغەکردنی گەشت.

## بازارکردن لە رووسیا کە باجی لەسەر نییە

بۆ ئەوەی گەڕانەوەی بڕی باجی بەهای زیادکراو (VAT) بتگرێتەوە، تۆ پێویستە هاوولاتی دەرەوەی وڵاتانی یەکێتی ئابووری ئۆراسیا بیت بۆ زیاتر لە 10,000 روبل لە فرۆشیارێکی تاك لە ماوەی یەك ڕۆژدا لەو شوێنانەی فرۆشتنی تاك کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵی رووسیا پەسەندکرابن. گەڕانەوەی VAT لە کڕینی کەرەستەی وەك کحول و تووتن ناگرێتەوە. بۆ وەرگرتنی بڕی پارەکە، ئەو کەرەستەیەی کە کڕیوتە لەڕێگەی خاڵێکی پشکنینی نێودەوڵەتی رووسیای فیدراڵ فەرمی هەناردە بکە. بۆ زیاتر وردەکاری، تکایە پەیوەندی بکە بە کۆمپانیاکانی لیخۆشبوونی باج لە رووسیا:

HI.SKY (http://hiskytaxfree.com/), Global Blue (http://www.globalblue.com/), Premier Tax Free (https://premiertaxfree.ru/).